# (مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی)ی مێژوونووس (١٩١٣ - ٢٠٠١)

## یادێک و چەند یادەوەرییەک


**پ. ی. ئەحمەد باوەڕ**
**(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)**


مێژوونووس و کەسایەتی دیار و ڕووناکبیری گەورەی تەواوی سەدەی بیستەم لە باشووری کوردستان، مەلا جەمیلی کوڕی مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی، یەکێکە لەو بیریار و ناوە گەورە و زمانزانە درەوشاوانەی دنیای ڕووناکبیری و بواری ڕۆژنامەوانیی کوردی و ئێراقی کە هەرگیزاو هەرگیز بە ئاسانی ناوی بەرزی لە فیکر و ئاوەز و بیرکردنەوەی هیچ تاک و هیچ ڕووناکبیر و خوێنەرێکی بە سەلیقە و بەویژدانی کوردی و ئێراقیدا ناسڕێتەوە، ڕاستییەکەی هەر لە قۆناغی لاوی و بەتایبەتی لەوکاتەوەی کە لەگەڵ دنیای کتێب و خوێندنەوە و نووسینی بەردەوامدا ئاشنایەتیم پەیدا کردووە، هاوکات هەر لەو کاتەشەوە ناو بەناو نووسین و تاڕادەیەک کتێبە بەپێزەکانی ماموستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیشم دەخوێندەوە، بەڵام هێشتا لە نزیکەوە خۆیم نەبینیبوو، تەنیا ئەوانەیان نەبێت کە هەندێک جار لە ناوەندەکانی ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەمی ڕابوردوودا کە مامۆستا مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی تازە لەوڵاتی ئێرانەوە، بەتایبەتی پاش ڕووخانی ڕژێمی شاهنشاهی پەهلەوی گەڕابووەوە ئێراق و باشووری کوردستان، یەک دووجارێک سەردانی گەرمیان و شاری کەلاری ئەوکاتەی کرد، بەوەی کۆمەڵێک بنەماڵە و خانەوادەی سەر بەهۆزی ناسراوی ڕۆژبەیانی خزمی لەم شارەدا هەبوون، هاوکات لە بۆنە جیا جیاکانیاندا، سەردانی دەکردن و بەسەری دەکردنەوە، منیش هەر لە دوورەوە و بەپێی ئاماژەی خزمەکانی کە دەوترا ئەوە مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانییە، ئیدی لەوانە زیاتر ئەوم لە نزیکەوە نەبینیبوو، تەنانەت هەر ئەو کەسوکار و خزمانەی هۆزی ڕۆژبەیانی ناوچەی گەرمیان و شاری کەلاری بوون کاتێک کە مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی لە شاری بەغدا و بەناهەق تیرۆر کرا، وەک وەفایەک بۆ گیانی پاکی ئەو پیاوە گەورەیە، لە مزگەوتی (شێخ حەسەنی قەرەچێوار)ی شاری کەلار دوو ڕۆژی تەواو پرسەیەکی گەورە و شایستەیان بۆ دانا.

ئەوەی شایانی باسە چەند ساڵێک دواتر، بەتایبەتی لە ساڵی خوێندنی (١٩٨٧ - ١٩٨٨) بەدواوە کە وەک خوێندکارێک لە (بەشی مێژوو)ی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیرام، ئەوەبوو هەر لەو ماوەیەشدا و لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٨٧) کە زانای گەورەی کورد دوکتۆر کامیل حەسەن بەسیر (١٩٣٦ - ١٩٨٧)ی مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)ی ئەوکاتە کۆچی دوایی کرد، هاوکات لافیتەیەکی ڕەشی لە ڕووکاری دەرەوەی دیواری(کۆڕی زانیاری ئێراق - المجمع العلمي العراقي)یەوە، بەزمانی عەرەبی بۆ هەڵواسرابوو کە هەواڵی کۆچکردنەکەی بڵاوکرابووەوە، ئەوەبوو پاش ماوەیەک و لە ڕێگای

ڕۆژنامەکانی ئەودەمانەی شاری بەغدا وەک: هاوکاری، ئێراقی عەرەبی و پاشکۆکەی کە بەزمانی کوردی و بە قەوارەیەکی تارادەیەک بچووکتر هەفتانە بلاودەکرایەوە، هەواڵی ئەوەشمان خوێندەوە کە دوای چل ڕۆژی تەواو لە هۆڵی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی - جمعیة الثقافة الکردیة) لە گەڕەکی وەزیرییە، بەرانبەر بە کۆلێژی پەروەردەی کچانی سەر بە زانکۆی بەغدا، هەریەک لە دەزگای ڕۆشنبیریی و بلاوکردنەوەی کوردی، یەکێتیی نووسەرانی کورد، هەروەها (دەستەی کوردی)ی سەر بە کۆڕی زانیاری ئێراق لەگەڵ بنەماڵەی دوکتۆر کامیل بەسیردا، پێش وەخت لیژنەیەکی چوار قۆڵی پێکهێنرابوو لە مامۆستایان: مستەفا نەریمان، محەمەد بەدری و عەبدوللەتیف عەبدولمەجید گلی، هەروەها مامۆستا نووری عەلی ئەمین وەک بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دوکتۆر کامیل بەسیر، ئەوەبوو لە ڕێگای لیژنەی ناوبراو و دەزگا کوردییەکانەوە، چلەیەکی ماتەمینیان بۆ ڕێک خست و لەو ئێوارە کۆڕەشدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان و ڕووناکبیرانی کورد و عەرەبی ئێراق وتار و شیعر و پەخشانە شیعر و بابەتیان بەزمانی کوردی و عەرەبی خوێندەوە، ئێمەش وەک کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کوردی ئەوکاتەی زانکۆ و پەیمانگاکانی شاری بەغدا تێیدا ئامادەبووین، وەک ئەوەی لە سەرەتا و دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز، پاشان پەردەلادان لەسەر وێنەیەکی گەورەی دوکتۆر کامیل بەسیر، کە پێم وابێت پەردەکە بریتی بوو لە (مشکییەکی کوردی) و لەلایەن هەردوو کوڕە مێردمنداڵەکەی ئەوکاتەی دوکتۆر بەسیرەوە کە هەریەک لە: (محەمەد و شوان) بوون و لادرا و پاشتریش، وەک ئەوەی دێتەوە یادم هەریەک لە کەسایەتی مامۆستایانی زانکۆی وەک: دوکتۆر نووری حەموودی عەلی ئەلقەیسی (١٩٣٢- ١/١١/١٩٩٤) ڕاگری کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، دوکتۆر موحسین جەمالەددین، دوکتۆر حەمید هیتی، مامۆستای پارێزەر جەمال بابان، دوکتۆر باقر سەماکە، دوکتۆر جوامێر مەجید سەلیمی سەرۆکی (دەستەی کورد) لە کۆڕی زانیاری ئێراق، عەلی حسین جابری نوێنەری سەندیکا (نقابە)ی مامۆستایانی زانکۆی موستەنسرییە، دوکتۆر عەبدولمەجید ڕەشید ئەحمەد نوێنەری زانکۆی سەلاحەددین (هەولێر)، دوکتۆر محەمەد نووری عارف بەناوی (بەشی کوردی) کۆلێژی



**ئەم وێنەیەی مێژوونووسی شەهید مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی یەکەم جارە بلاودەبێتەوە**
**(لە ئەرشیڤی مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانییەوە، بەسپاسەوە مامۆستا شێرزاد ڕۆژبەیانی بۆی ناردووین)**

ئادابی زانکۆی سەلاحەددینەوە، دوکتۆر وریا عومەر ئەمین بە ناوی دەستەی مامۆستایانی (بەشی کوردی) کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا، شاعیری کوردی فەیلی داری ساری حەیدەر، لەتیف قەرەداغی، یووسف ئەلحەیدەری، حەسیب قەرەداغی، دوکتۆر بەدرخان عەبدوللا سندی، دوکتۆر عەبدولستار تاهیرشەریف، خەسرەو جاف، عەبدوللەتیف عەبدولمەجید گلی، هەروەها وتاری هەریەک لە: کۆڕی زانیاری ئێراق، دەزگای ڕۆشنبیریی و بلاوکردنەوەی کوردی لەلایەن موسلیح مستەفا جەلالی و یەکێتیی نووسەرانی کوردیش لەلایەن محەمەد بەدری و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لەلایەن عەبدوللا عەباس و....تاد، هەروەها لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا خاتوو ئاسانی کچی دوکتۆر کامیل بەسیریش بەدەم هەنسک و گریانێکی زۆر بەکوڵەوەو بەئامادەبوونی خاتوو شاپەڕ عەلی ئەمینی دایکیان و محەمەد و شوانی برایانەوە وتاری بنەماڵەکەیانی بەزمانی عەرەبی خوێندەوە.

ئەوەی شایانی باس بێت، یەکێک لەو ڕووناکبیر و کەسایەتییانەی کە هەر لەم بۆنەیەدا و لەم ڕێوڕەسمەدا، بەشداری کرد و پەخشانە شیعرێکی جوان و

سـەرنجـڕاكـێـشی بەزمـانـی كـوردی خـوێندەوە، ئەویش ڕووناكبیری گەورە و مێژوونووسی شەهید مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی بوو كە بەدەنگێكی بەرزی زوڵاڵەوە، پەخشانە شـیـعـرەكـەی خـوێندەوە كـە لێـرەدا و دوای نزیكـەی سی سـاڵـی تەواو و بۆ یەكـەمین جـار دەقـەكـەی وەک خـۆی بڵاودەكەینەوە كە بە سپاسێكی زۆرەوە لەلایەن دوكتـۆرە (گیان)ی كچی خوالێخۆشبوو دوكتۆر كامیل بەسیرەوە، بەدەستمان گەیشتووە لەژێر ناوونیشانی:

**(تنۆكێ خوێنی گریان.. دەبێـتـە گـوڵاڵـە سـوورەی سـەر گۆڕی كامیل بەصیری ئینسان)**

خوشكینە.. براینە.. مامۆستایان:

كامیل بەصیر ڕۆڵەی خێزانێكی هەژاربوو.. بە منداڵی چاوی كـەم نوور و بە ئازار بـوو.. خـرایە بەرخـوێندن.. هەسـتی كـرد بە فـێـربوون و تێـگەیشتن.. دایكی هیـوای پێی پەیدا كـرد.. كـەوتە بیـری چارەی چاوی بەدەست و برد.. لای كوردی نەخوێندووی دوا كەوتوو.. چارە تەنیا لای شێخەو زیارەتی گۆڕەو جادوو.. جا بردی بۆ (تاوغ) بۆ سـەر زەینەڵ عـابدین.. بەڵكو بە چاوی بدات نوور و تین.. لەوێ سـاخـتـەچی و درۆزن.. ئەفـسـانەچی و ڕمۆزن.. لێی كـۆبوونەوە بۆ سەر داپۆشین.. بۆ سەروچاو هەڵگلـۆفین و گـوشین.. تـاپوولێكی بـاشـیـان لێی هەڵكراند.. ئەو ترووسكە چاوەی هەیبـوو ئەویشـیـان هەڵفڕاند.. ئەم سـتـەمـە ئەوەندە كـاری لێ كـرد.. بوو بە دوژمنی پڕوپووچی ناو كورد.. كە دایک لە بینایی چاوی بێ ئومـێد بوو.. كـامـیل بۆ بینایی دەروونی بەخودا پڕ ئومـێد بوو... لە ناو خزمـانیدا خـەیاڵ ئەكـرا بیكەن بە قورئان خوێنی سەر قەبران.. بەڵام كـامـیل خۆی لەوە بە بەرزتر ئەزانی، لووت لە عـاسـمـان.. ئەو دیدەیی چاوی كــوێر بوو بـوو.. نـەک هی دەروونی بە نـووری... بە ڕاوێژی ئایەتی: (لاتعمی الابصار ولكن تعمی القلوب في الصدور). سرووشی خوایی ئەچپا بە گوێیا بخوێنە ! هەرخوێندنە بۆ خۆت و گەلەكەت دەرمان و دەوا.. لەبەر ئەم قـسـە نەسـتـەقـە: (كن عـالما أو مـتـعـلمـا أو مـسـتـمـعـا)... ئەوەی كـە گـەلـی تۆی خـسـتـۆتە چاڵی نەزانی... نەخـوێندەوارییـە و نۆكـەرییـە و خـۆ بەزل زانی... جا كـامـیل بەدڵ و زمـان و گـوێ تێكۆشا... تا بەفـێربوون دڵی دایک و خوێشانی كرد شا... هەروەک شێخ ڕەزای (بەهەشتی) وتوویەتی: «خـودا كـە حەزكا بەندەیێكی خۆی بكا خۆشنوود»... بە فـریای كـامـیلا گـەیاندی دایک و خـوشک و یەک برای پڕ جـوود... ئەم براو خوشكانە زۆر باش و پیـاوانە... بۆ كـامـیل، بوونە داردەست و پاڵپشت و چاو و كتێبخانە... ئینجا كامیل بە بەرزی باڵای خۆی لە خوێندنا سەركەوت و لە زانینا پێشكەوت.. بوو بە هاویستەی (و زاده بسطه في العلم و الجسم). بەرەوت.. پاشان (هود هود) ئاسا چوو بەرەو سلێمـانی.. بۆ فێر بوون و فـێركردنی قوتابیانی... هەر كە برا و خوشكەكانی پەرەوازە بوو و.. خوا (شاپەڕی) بۆ نارد بە هاوسـەری و بۆ (قـاهیـرة) چوون.. لەوێ بە تێكۆشانی ڕۆژ و شەوی... خۆی كرد بە پسپۆڕی زمانی عەرەبی.. گەرچی وتراوە: (لایحیط باللغة الا نبي)... ئینجـا بە خـوو و ڕەوشـتی زۆر جوان.. بە دڵ گـەورەیی و پاكژی زمـان.. بە نووسـینی وتاری سوپەر ئاسـای وەک قەڵغان.. كەوتە خۆ پاراستن لە وشەی تیری منداڵان.. بە نووسیـاری زانایانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانا.. ناسرا لە هەمـوو كـوردسـتـانا.. ناوبانگی دایەوە لە عـەرەبسـتـانا.. هەروا وتار وێژ بوو لە هەموو كۆڕێ.. لەبەر زانیـاری كـرا بە ئـەنـدامـی كــــــۆڕێ.. دەرس وێـژ بـوو لـە زانـكـۆی مـوسـتـەنسریە و ئەوانی ترا.. بڕوانامـەی قـوتابیـانی ماجستێر و دوكتۆرای پێ دەسپێررا.. لەگەڵ ئەوەشدا كە لە زانیندا باڵا بـوو.. خۆ بەكـەم زان و دڵ لەلای هەژار و گەدا بوو.. دەربەستی ئەوە بوو قوتابی پێ بگەیەنێ.. با بەوەش دڵـی دۆسـتـێكی گـیـانی بە گـیـانی بشكێنێ.. لەوەش بە دوور بوو كـە بە ڕەخنە و جنێـو نووسین، پارە دەر بێنێ.. ئەو لە كـۆڕا سـەرپەرشـتی دوو لیـژنە بوو.. ناوی (دەم ڕاسـتی) لە خـۆی نەنا گـوێگربوو.. زۆر وێژ نەبوو.. خێوی مێشكێ بوو فراوان و داگر.. ئەوی ئەوترا هەڵی ئەقۆستەوە وەک ئاگر.. نارەحەت نەبوو لە توانج و پەلامـاری ئەم و ئەو.. ئەیزانی زۆرن بۆ مـانـگ ئەلولێێن بەشـەو.. داخی نەزانانی ئەچاپاندە دڵەوە.. نەیئەویست ڕەدیان بداتەوە تا بردیە ژێر گڵەوە.. درێغ ئاكامی مەرگ ئەو زانایەی دایە بەر تیـر.. دۆسـتـان و قـوتابیـانی هێـشـتـەوە دڵگیـر.. ڕۆژی ڕوونی بە ماڵەكـەی گـێـڕا بە شەوی تیـر.. ئاوها بە جێی هێشت قوتابی و زانكۆ و كـۆڕ.. بۆ (نەمـری) لە (نەجـەف) نێـژرایە ناو گـۆڕ.. زانایان بێ بەش مانەوە لەوەی بە دەورە.. تاجە گوڵ بنێنە سـەر قـەبرەكـەی، ئاخ لەم جـەورە !.. بەڵێ كـامـیل زوو كـۆچی كـرد بەرەو جـاویدانی.. ویسـتی بەپەلە بگاتە هاوڕێ زاناكـانی.. بەر لە ئەو كـۆچە بـوون (وەهبی) و

(صـەمـەد) و (شـاوەیس).. بە گـەنجی لە دەس چوون (کامەران) و (غـازی فـاتح وەیس).. کزە بای شـەماڵ کزەی خستە دڵ.. کە (شەماڵ) ی مۆسیقاری بردە ژێر گڵ..

**ناگرین بۆیان گریان پیشەی ژنانە**

**کوردستان بۆ پێگەیاندنی زانا چاترین لانە.**

جا پێم وابێت، ئەمەیان دووەم جار، یان سێیەمین جارم بوو، کە مامۆستا مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی لە نزیکەوە بینینم و بەباڵایەکی بەرز و بە سـەرێکی تۆزێک ڕووتاوەی ماش و برنجییەوە، کە لەوکاتەدا چاکەت و پانتۆڵی لەبەر کردبوو، لای پێشەوەی ئێوارە کۆڕەکەوە، هەستایە سەرپێ و چووە سەر سەکۆی پێشەوەی هۆڵەکەوە و لە پشت مـایکرۆفـۆنی وتاردان و لە پێش چاوی جەماوەرێکی زۆر لە ئەدیبان، نووسەران، مامۆستایان و خوێندکارانی کوردی زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەوکاتەی شاری بەغدای ئامادەبووی ئەو یادەوەرییە و وەک تمان: پەخشانە شیعرەکەی وەک ستایشێکی کوردانە، بۆ یادی پڕ شکۆی ڕوحی ڕەوان شاد دوکتۆر کامیل حەسەن عەزیز بەسیر خوێندەوە.

لێرەش بەدواوە و ناو بەناو و بەرێکەوت مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیمان دەبینی و بە بەردەوامی تامـەزرۆی ئەوەبووین، لە نزیکەوە لەگەڵی دابنیشین و گـوێی لێ بگرین، یان وێنەی لەگەڵ بگرین، ئەمەش بۆ ئێـمەی خوێندکارانی ئەوکاتەی زانکۆی بەغدا زیاتر ئەو ڕۆژە هاتەدی، کە برای بەڕێزمان دوکتۆر فوئاد حەمە خورشید مستەفا لە ڕێکەوتی (٢٤ی ئایاری ١٩٨٩)دا، لە: (هۆڵی ئیدریسی) سەربە بەشی (جوگرافیا) ی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداد، گـفـتوگۆ لە سەر تێـزی دوکتۆراکەی کرا لە ژێر ناوونیشانی: (افغانستان في الاستراتيجية (السوقية) السوفيتية)، هاوکات لیژنەی گـفـتوگۆکەشی وەک بێتەوە یادم لە مامۆستایانی ئەوکاتەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەک: دوکتۆر فەلاح شاکر ئەسوەد، دوکتۆر عەبدولمنعیم عەبدولوەهاب (سەرپەرشتکار)، دوکتۆر موحسین عەبدولساحیب موزەفەر، دوکتۆر سەبری فارس ئەلهیتی و دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدی مامۆستامان لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا و وەک کەسایەتییەکی شارەزای یەکێتیی سۆڤێت و پسپۆڕی (مێژووی نوێ و هاوچەرخ) و دەرچووی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو، ئەندامی لیژنەی تاووتو (مناقشة) کە پێکهاتبوو، هەروەک دێتەوە یادم تەنیا دوکتۆر کەمال مەزهەر لە چوارچێوەی ئەو (گفتوگۆ) کردنەی ئەو ڕۆژەی دوکتۆر فوئاد حەمەخورشیددا، نزیکەی دوو سەعاتی تەواو قسەی خۆی کرد و بووە جێی سەرنجی زۆرێک لە ئامادەبووانی ئەو ڕۆژە، بە جۆرێک سەرنجە بەپێزەکانی، بۆچوونەکانی، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانی، تەواوی ئامادەبووانی نێو هۆڵەکەی کپ و بێ دەنگ کردبوو، تەنانەت لە چوارچێوەی تاووتو کردنەکەدا، وابزانم وشەیەک، یان زاراوەیەک، ئیدی نازانم چۆن بوو هاتە پێشەوە، پێ دەچوو بنەچەی وشەکە تورکی بێت، یان چۆن؟ دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدیش لای خۆیەوەو بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو وشەیە، ئاماژەی بۆ مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی کرد، کە لە ڕیزی پێشەوەی ئامادەبوواندا بوو، ئەگەر هەڵەم نەکردبێت، بە تەنیشتی هەریەک لە خوالێخۆشبووان مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمی مودەڕیس (١٩٣١ - ١٧/ ٣/ ٢٠١٧) و دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٤٠ - ٩/ ٧/ ٢٠٠٧)ەوە دانیشتبوون، بەزمانی عەرەبی وتی: «هناك استاذ يعرف التركية جيدا..»، ئەوەبوو دوای تەواوبوونی گفتوگۆی تێزی دوکتۆراکەی دوکتۆر فوئاد حەمە خورشید، کە نزیکەی چوار سەعاتی تەواوی خایاند، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کوردی زانکۆ و پەیمانگاکانی بەغدا لەدەوری مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، دوکتۆر کەمال مەزهەر، محەمەدی مەلا کەریم و دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف کۆبوونەوەو کۆمەڵێک وێنەمان لەگەڵ گرتن، هەروەها بۆ ڕۆژانی دواتریش مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم کە ئەویش هەر ئەو ڕۆژە وەک میوان لەوێ ئامادەبوو وابزانم لە ڕێگای ڕۆژنامەی (هاوکاری)یەوە بوو، وتارێکی بە باڵابڕینی وەک پیرۆزباییەک لە ژێر ناوونیشانی: (کاک کەمال و کاک فوئاد.. پیرۆز بێت لە هەردووکتان)ەوە بڵاوکردەوە و پیرۆزبایی خۆی لە دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و دوکتۆر فوئاد حەمەخورشید مستەفا کردبوو.

لێرەش بەدواوە بینین و ناسینی زیاتری ئێمە لەگەڵ مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی شەهیددا، بەتایبەتی لە شاری بەغدای ئەو دەمانەدا، بەزۆری دوو شوێن بوو، کۆڕی زانیاری ئێراق (دەستەی کورد) کە زۆر جار بۆ خواستنی (استعارة) کتێب لە کتێبخانەکەی، یان سەردانی کاک

عەبدوللەتیف عەبدولمەجید گلی خزمم کە بۆ مێژوو دەیڵێم: زۆرێک لە کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تری کۆڕی زانیاری ئێراق (دەستەی کورد)ی بەدیاری دەبەخشییە هەموو خوێندکارێکی کوردی زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەوکاتەی شاری بەغدا کە سەردانیان دەکرد، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوکاتەی ئێمە شتێکی کەم نەبوون، تەنانەت یەکێک لەو کتێبانەی کە لە ڕێگای (کۆڕی زانیاری ئێراق)ەوە کە لە بڵاوکراوەکانی دەزگاکە خۆی بوو، بەدیاری بەدەستم کەوت، کتێبێکی ناوازەی بیبلیۆگرافی، کوردناسی گەورە و نووسەر و ڕووناکبیری دیانی ئێراقی گۆرگیس عەواد (١٩٠٨ - ١٩٩٢) بوو بە ناوونیشانی: «ماضي الكرد وحاضرهم في المصادر العربية القديمة والحديثة» ئەوەبوو بەماوەیەک دواتریش لەڕێگای ڕۆژنامەی (هاوکاری) ئەوکاتەوە خوێندنەوەیەکم بۆ کتێبەکە کرد و ڕۆژنامەکەش سەرەڕای بەرگی کتێبەکە، هاوکات وێنەیەکی مامۆستا گۆرگیس عەوادیشیان لەگەڵدا بڵاوکردبووەوە کە ئەمەش بۆ ئەوکاتەی ئێمە هەنگاوێکی دڵخۆشکەرەبوو و لە هەمان کاتیشدا بووە مایەی ئەوەی کە هەر لە ڕێگای کاک لەتیف گلییەوە بتوانین هەریەک لە مامۆستا گۆرگیس عەواد و مێژووناسی ناسراوی ئێراقی و سەرۆکی ئەوکاتەی (کۆڕی زانیاری ئێراق - المجمع العلمي العراقي) دوکتۆر ساڵح ئەحمەد ئەلعەلی (١٩١٨ - ٢٠٠٢) ببینم، کە هەردووکیان لەو دەمانەدا بە تەواوی بەساڵا چوو بوون، بەڕادەیەک بەیانییەکی زووی ساڵی (١٩٨٩) دوکتۆر ساڵح ئەحمەد ئەلعەلیم لە دیوی ناوەوەی بەردەم دەرگای کۆڕی زانیاری ئێراقدا بینی بەتەواوی دەستەکانی دەلەرزین، هەروەها دووەم شوێنیش (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) بوو، جا هەر کە نووسینێک، یان بابەتێکم هەبوایە بۆ بڵاوکردنەوە دەمدایە دەستی سێ کەسی گەرمیانی، کە لەو دەمانەدا لەوێ فەرمانبەر و کارمەندی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بوون: مامۆستا مستەفا نەریمان، مامۆستای چیرۆکنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لەگەڵ لەتیف هەڵمەتی شاعیر، کە هەمیشە و هەمیشە خۆم بەقەرزاریان دەزانم، هاوکات زۆرجاریش بە ڕێکەوت و چەند جارێک مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و چەندان و چەندان کەسایەتی سیاسی و ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندی کوردی ئەوکاتەی شارەکانی باشووری کوردستان و بەغدای ئەوکاتەمان لە نزیکەوە دەبینی و دڵمان پێیان خۆش بوو، لەوانە مامۆستایان: مەسعوود محەمەد، محەمەدی مەلاکەریم، شوکور مستەفا، دوکتۆر محەمەد محەمەد ساڵح بەگی یەکەمین سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و مامۆستامان لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیات، محەمەد عارف، محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، دوکتۆر فوئاد حەمەخورشید مستەفا، عەلی کەمال، حیلمی عەلی شەریف، دوکتۆر ئەمین عەلی سەعید موتابچی، دوکتۆر موحسین محەمەد حوسێن، یووسف ئەلحەیدەری، جەمال خەزنەدار، بەدیع باباجان، عەبدولڕەحمان مزووری، سەبری بۆتانی، عەبدولڕەزاق بیمار، ئەحلام مەنسوور، عەبدوڵڵا سەراج، محەمەد بەدری، دوکتۆرە پاکیزە و ناهیدەی کچانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، ڕەشید باجەلان، دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، دوکتۆرە کوردستان موکریانی و خوالێخۆشبوو دوکتۆر جەمال ڕەشید (١٩٤١ - ٢٠١٦)ی هاوسەری و مامۆستای بەشی مێژوومان...تاد، واتە هەموو ئەمانەمان ناو بە ناو و لە نزیکەوە دەبینی و هەر هەموو ئەمانەش بۆ ئەوکاتەی ئێمەو لەو قۆناغی لاوی و تازەبییەی ئاشنای نووسین و بڵاوکردنەوەی ئێمەدا، دیاردەیەکی نوێ و دەرگایەکی نوێی کراوەبوون، بەرەو ناسین و ئاشنابوون لەگەڵ ئەزموونی دەوڵەمەند، بگرە زۆرجاریش بۆ ئێمەومانان وای لێهاتبوو ناو بەناو لەگەڵ چەند هاوەڵێکی کوردی ئەوکاتەی کۆلێژدا و دوای دەوام، یان هەر بەشەوانی ئەوکاتەی شاری بەغدا، هەرجارەو سەردانی ماڵی یەکێک لەوانەمان دەکرد و پرسیارمان لێ دەکردن و ئەوانیش کتێبی خۆیانیان بۆ دەکردینە دیاری و وێنەمان لەگەڵ دەگرتن، بەشێوەیەک هەر لە ماوەی ئەم ساڵانەی خوێندنمدا بوو، خولیای ئەوەش کەوتبووە مێشکمەوە، دەبێ من چۆن بتوانم چاوپێکەوتن و دیدەنی تایبەت لەگەڵ زۆرێک لەم کەسایەتی و نووسەرە گەورانەی کورددا بکەم و هەوڵی ئەوە بدەم، کە چۆن ژیان و سەربوردە و ئەزموونی ئەم گەورە نووسەر و مێژوونووسانەی کورد تۆمار بکەم و لە دوارۆژ و لە ئاییندەدا، وەک پڕۆژەیەک و پێکەوە بڵاویان بکەمەوە، بەڵام بۆ ئەزموونی ئەوکاتەی من کارێکی زۆر ئاسان نەبوو، بارودۆخەکە زۆر لە بارنەبوو، تەنانەت بۆ هەڵگرتنی کامیرایەک دەبوایە هەزار و یەک حیسابت بکردایە، هەرچەندە سەرەتا

ئەمەیانم وەک پێشنیار و وەک خولیایەک بەجیا لەگەڵ هەردوو مامۆستای قۆناغی زانکۆییم دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبووبەکردا باس کرد، ئیدی نازانم ئەوانیش هەر لە بەر دڵی من بوو وەک گەنجێک، یان چۆن؟ پێشنیار و هەنگاوەکەمیان بەکارێکی شایستە و پەسەند زانی و وەک هاندانێک دەستخۆشیان لێ کردم، ئەوەبوو دوکتۆر کەمال مەزهەر دوای ماوەیەک و بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی ئەوتۆی بۆ ئامادەبکەم و بنووسمەوە، هەر خۆی بە نزیکەی (١٥ - ٢٠) لاپەڕەی تەواوی فۆلسکابی دەستنووسەوە، پوختەیەکی ژیاننامەی خۆی و هەموو ئەو نووسین و لێکۆڵینەوە و کتێبانەی کە تا دەوروبەری ساڵانی (١٩٨٩- ١٩٩٠) چاپی کردبوون، لەگەڵ زۆرێک لەهەموو ئەو کۆڕ و کۆنگرە زانستییانەی کە تا ئەوکاتە بەشداری تێیاندا کردبوو، بەزمانی عەرەبی و بەدەستو خەتی خۆی بۆ نووسیبوومەوەو پێشکەشی کردم و تائێستاش پاراستوومە و بڵاوم نەکردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نووسینێکیشم دەنووسی، یان بڵاوم دەکردەوە بۆم دەبرد، هەرچەندە بۆ ئەو کاتەی من سادەبوون، کەچی ئەو بە هەموو خاکەڕایی و تەوازوعێکی خۆیەوە دەستخۆشی لێ دەکردم و بەردەوام دەیگوت: پێم خۆشە بەردەوام بخوێنیتەوەو کەم بنووسی، سەرەڕای کۆمەڵێک بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوەی گرنگ لەلایەن دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوو بەکرەوە، خوا یاربێت هەر هەموویان لە کات و هەلێکی گونجاودا، وەک وەفایەک بۆ ئەو مامۆستایانە، بۆ ڕوحی پاکی ئەو زانا گەورەیەی کە زۆر بە بێ دەنگی و ڕەبەنی لە نێو ژووری ئوتێلێکی شاری هەولێردا سەری نایەوە.. لە چوار چێوەی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوی دەکەمەوە. سەرەڕای پوختەی ژیاننامەی کۆمەڵێک لە ئەدیبان و نووسەرانی گەورەی تری کورد کە ڕەنگە لێرەدا بواری ناوهێنان و باسکردنیان نەبێت.

سەبارەت بەمامۆستا جەمیلی ڕۆژبەیانیش، لێرە بەدواوە بە بەردەوامی لە کۆڕی زانیاری ئێراق (دەستەی کورد) سەردانم دەکرد و ڕاستییەکەی زۆر بەشەرمەوە پرسیاری جۆر بەجۆرم لێ دەکرد، ئەویش بە هەموو خاکەڕاییەکی خۆیەوە و وەک ئەوەی لەگەڵ هاودەم و هاوتەمەنێکی خۆیدا قسە بکات، ئاوا گوێی لێ دەگرتین و ڕێنمایی زۆر باش و دەوڵەمەندی دەکردین، تەنانەت جاری واش هەبوو سەربوردە و نوکتەی خۆشی وای دەگێڕایەوە، کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیر و ئاوەزم ناچنەوە و هاوکات گەورەیی و شارەزایی و ئازایی و ڕاشکاوی ئەو پیاوە بلیمەت و گەورەیە زیاتر و زیاتر لەدڵ و دەروونمدا چەکەرە دەکەن و نازانم و نازانم چۆنیان بکەمە کەرەستەی نووسین و چۆنیان بخەمەسەر کاغەز، هەر بۆ نموونە: زۆرجار کە دەچووم بۆ لای و لە خزمەتیدا دادەنیشتم، ئەوە بە بەردەوامی و خۆی وتەنی: (مەلا شوکور مستەفا)ی نووسەر و وەرگێڕ و بیریاری گەورەی کورد بەتەنیشتەوە، یان بەرانبەری وەک دوو برای گیانی بەگیانی دانیشتبوو و هەمیشە چەند و چوون و گفتوگۆی زۆر گەرمیان بەدەم قاقای پێکەنینی مامۆستا شوکور مستەفا (١٩٢٦ - ٢٠٠٤) ی بلیمەتەوە بەردەوام بوو، هەروەها بەردەوام کە دەشمبینی (تا ئێستا نازانم و قەت بیرم ناچێتەوە)، بۆ بەدەنگێکی زۆر بەرزەوە بانگی دەکردم و پێی دەوتم: «هاها سەید ئەلموحامی»، یان دەیگوت: «هاها سەید ئەلموحامی دەنگ و باسی کەلار و گەرمیان چۆنە و خۆت چۆنی خۆت...» بەڵام ئەفسووس، یان هەر کە باسی کەسێکیشت بۆ بکردایە و زۆر بەدڵی نەبوایە، ئەوە هەر بەدەم پێکەنینەوە یەک دوو جوێنی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) ئاسای بۆ هەواڵە دەکرد و لە شوێنی خۆیدا و هەردوو دەستی لە سەر گاڵۆکە قاوەیەکەی دەستی دەنایە سەریەک و وەک پشوویەک، تۆزێک بێ دەنگ دەبوو، تەنانەت ئەگەر ئەوکەسە خزمێکی نزیکی خۆیشی بوایە، چونکە بەڕاستی مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی کەسایەتییەک بوو، تا سەر ئێسقان، زۆر سەرڕاست و ڕاشکاو، تەنانەت کۆی لە هیچ کەس و هیچ ناهەقیەکیشی لە هیچ کەسێک قبووڵ نەدەکرد و هەرگیزا و هەرگیز و مەگەر چۆن، ئەگەرنا ڕا و بۆچوونی ئەمڕۆی خۆی نەدەخستە سبەی، واتە سووک و باریک، ڕاست و ڕەوان، قسەی خۆی و ڕاو بۆچوونی خۆی چۆن بوایە، وەک خۆی دەری دەبڕی و قەت باکی بە هیچ کەسێک نەبوو، تەنانەت ئەگەر بەرانبەرەکەشی هەر کەسێک بوایە و لە هەر ئاست و لە هەر پلەوپایە و بەر پرسیارێتییەکی باڵای حکومەتیشدا بوایە، چونکە بەڕاستی ئەو کەسایەتییەک بوو، وەک دەوترێت وەک هەمان هەڵوێست و ڕێبازی مەلا ئەحمەدی باوکی بەناهەق کوژراوی لەلایەن دەرەبەگ و ئاغاکانی ناوچەکەی خۆیانەوەو لە ساڵی (١٩٣٤)دا، ئەمیش ئا بەو شێوازە و بەردەوام

داکۆکیکار و پارێزەر و پشتوپەنای کۆمەڵانی خەڵک و دۆزی ڕەوای هەژاران و میللەتەکەی خۆی بوو، هەر بۆیە (مەلا جەمیل)یش لەسەر هەمان ڕێچکە و بە هەمان پلانی نەگریس و لە شەوێکی تەنگ و تار و (دەیجووری) شاری بەغدای (بەغدا)دا، زۆر بە ناحەق و زۆر دڕندانە و وەحشیگەرانە، لەلایەن چەند کەسێک لە ئەڵقە لە گوێ و ئاغا خوێنڕێژەکانی سەر بە دامودەزگای حزبی بەعسی شاری بەغداوە و لەو تەمەنە گەورەیەی پاییزیدا، خەڵتانی خوێن کرا و زۆر نامەردانە تیرۆر و شەهیدیان کرد، هەر وەک دەوترێت، لە کاتی خۆیدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤ - ٢٠٠٠) وتوویەتی: «هەتا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیم نەبینیبوو، بەردەوام تامەزرۆی ئەوەبووم و بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ لە کاتی خۆیدا بۆ باوکی مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی، کە وەک دەڵێن: مەلایەکی ناسراوی خۆشەویستی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بووە، دەبێت لەسەر چی و بۆچی کوژرابێت؟! بەڵام کاتێک مەلاجەمیلی کوڕیم بەچاوی خۆم بینی و گوێم لە قسەو ڕا و بۆچوونەکانی گرت، ئەوسا بەتەواوی تێگەیشتم، لەوەی کە مەلا ئەحمەدی باوکی مەلا جەمیل بۆچی کوژراوە...». واتە سەراحەت و داکۆکی کردنی بەردەوامیان لە مافی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و سازش نەکردنیان لەسەر ڕێباز و قسەی هەق و ڕاستودروست، هەرگیز ڕا و بۆچوونی پێ لەق نەکردوون و لەسەر ڕێبازی داکۆکی و ڕاستی و هەقبێژی بەلاڕێیدا نەبردوون، تەنانەت نووسین و قەڵەمەکانیشیان بەناهەق کەسیان زامدار و بریندار نەکردووە.

کەچی هاوشانی هەموو ئەوانەش مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی وەک پێشتریش تاڕادەیەک ئاماژەمان بۆکرد تابڵێی: کەسایەتییەکی زانا و پیاوێکی زۆر خاکی بەڕێز و بەهەموو مانا و واتای وتن ئینسان و بەڕەحم بوو، داخم ناچێت، بەیانیانێکی زووی پێش دەست پێکردنی کاتی دەوام و بەماوەیەک، پاش بەرپابوونی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری ئێراق و کوردستان، کە ئەوکاتە هێشتا خوێندکاری قۆناغی چوارەمی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بووم، ببینم ئاوا تۆزێک لە خواری (کۆڕی زانیاری ئێراق - المجمع العلمي العراقي)ەوە لە شاری بەغدا، لەسەر ئەو ڕێگایەی کە بەرەو لای (کۆلێژی یاسا) و (کارگێری و ئابووری) زانکۆی بەغدا دەبووەوە، لەبەر هەتاوی تازە هەڵاتووی بەیانیانی ئەوکاتەی شاری بەغدا و لەلای دەرەوەی قاوەخانەیەکی زۆر بچووکدا، لەگەڵ مامۆستا شوکور مستەفای بەهەشتی و بەعادەتی ڕۆژانەی خۆیان، پێکەوە سەرگەرمی خواردنی بەرچایی بەیانی بوون، خۆم پێ نەگیرا و بەتاسەوە لام دایە لایان و ڕاستەخۆ و دوای هەواڵپرسین، هەواڵی کوردستان و گەرمیان و کەلاریان لێ پرسیم، ئیدی منیش سەرەڕای باسکردنی دڵگەرمی و شەوق و زەوقی کۆمەڵانی خەڵک، لەگەڵ ئەوەشدا کەوتمە باسی چۆنێتی گرانی و نەداری و بێ کارەبایی و بارودۆخی هاتوچۆی ڕێگاوبانی نێوان کوردستان و شاری بەغدا و ئیدی کۆمەڵێک کێشە و موعاناتی لەو بابەتەشم بۆ باس کردن، کە هەرواش بوو، دوایی کە هەستام و ویستم بەرەو کۆلێژ ببمەوە و بۆ ئەوەی بەدەوامی خۆمدا ڕابگەم، بە هەردووکیانەوە و بە هەموو سۆز و تەوازوعێکی خۆیانەوە پێیان وتم: ئەرێ ڕۆڵەگیان ڕەنگە تۆ (موحتاج) بیت، شەرم مەکە و با لە شوێنێکەوە هاوکاریەکت بکەین، منیش پێم گوتن ناوەڵڵا هیچ موحتاج نیم و وەزعم زۆر باشە، بەڵام ئێوە پرسیارتان لێ کردم و منیش بارودۆخەکەم وەک خۆی گێڕایەوە.

ئەوەی شایانی باسکردن بێت، پوختەی ئەم یادداشت و سەربوردە گرنگ و دەوڵەمەندانەی مامۆستا مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی کە لەبەر دەستاندان، بۆخۆیان پڕن لە ئەزموونی تاڕادەیەک نەبیستراو و نەخوێنراوەی نوێی مامۆستامەلا جەمیلی شەهید، بەتایبەتی سەبارەت بە بنەماڵەکەیان و چۆنێتی بەناهەق کوشتنی مەلا ئەحمەدی باوکی، هەروەها سەبارەت بە کەسایەتی، خەباتی کوردایەتی، بەندایەتی، ژیانی پێشمەرگایەتی، دەست بەسەری و ژیانی ڕەهەندەیی و دوورەوڵاتی، سەرەڕای گێڕانەوەی ئەزموونی دەوڵەمەندی مەلا جەمیلی شەهید لە بواری هونەری وەرگێڕان و نووسین و کاری ڕۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوەی بەشێک لە کتێب و بەرهەمە ناوازەکانی، کە ساڵانێکی زۆرە کۆپیەکی بە (ڕۆنیۆ) چاپکراوی لای ئێمەیە و وەک هەر گەنجینە و دەستنووسێکی تری گرانبەها زۆر بە ئەمانەتەوە پاراستوومانە، هیچ بە دووریشی نازانم کە دانەی تریشی لای خەڵکانی تر، تەنانەت لای بنەماڵەکەشی هەبێت، بەتایبەتی لە دوای شەوی شەهید بوون و هێنانەوەی کتێبخانە دەوڵەمەندەکەیەوە لە شاری بەغداوە بۆ کەرکوک، هەرچەندە زۆر دڵنیاشم لەوەی کە

ئەمەیان قەت ناکاتە تەواوی یادداشت و سەربوردە و بیرەوەرییە دەوڵەمەندەکانی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، بەڵکو زۆرێک لە دەستنووس و نامە و یادداشتەکانی لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەکانی حزبی بەعسی لەناو چووی ئەوکاتەی ئێراقەوە، کە(ئەبو باسل) ناوێک بەپلەی سەرهەنگ (عقید)ی سەربازی سەرپەرشتی کردووە، ڕاستەوخۆ و دوای کوژران و شەهیدکردنی بەشێوازێکی دڕندانە دەستیان بەسەریدا گرتووە، تەنانەت مامۆستا شێرزادی کوڕی مەلا محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی برازایشی بەهەمان شێوە جەخت لەسەر ئەمەیان دەکاتەوە و وەک ئەوەی ناو بەناو بە تەلەفۆن و لە کاتی چاپکردن و دووبارە نووسینەوەی ئەم سەربوردە و یادداشتانەی مەلا جەمیلی مامیدا بۆی باس کردم، هەرچەندە دواتریش لە ڕێگای کۆمەڵێک کەسایەتی و خەڵکی ترەوە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆریان داوە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت، تەواوی یادداشتەکانی و بابەتە شەخسی و تایبەتییەکانی دەست بکەوێتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە سوودێکی ئەوتۆی نەبووە و ئەو دانەیەشی کە وەک وتمان لای ئێمەیە، دیارە کاتی خۆی و هێشتا مامۆستا مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی خۆی لەژیاندا بووە، تەنانەت وەک لە میانی دەستنووسەکەیشیدا بە دیار دەکەوێت، لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابوردوودا و هێشتا مامۆستای شەهید و کۆچکردوو لەودەمانەدا وەک خۆی لە کۆتایی سەربوردەکانییەوە نووسیویەتی: «ئێستا لە تەمەنی (٧٣)ساڵی دایە، بەڵام خەڵک بە پەنجا ساڵی دای دەنێن و زۆر بەشەوقەوە خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوەیە. خوا لە چاوی بەد و بەڵای ناگەهان بیپارێزێت» ، جا وەک ئەوەی وتمان بەشێوازی (ڕۆنیۆ) چاپ کراوە و نووسراوەتەوە، سەرەڕای نووسین و ئامادەکردنی پەراوێزێکی زۆر سەبارەت بە ناوی بەشێک لەو کەسایەتی و شوێن و ڕووداوە مێژووییانەی، کە لە چوارچێوە و ناوەرۆکی یادداشت و سەربوردەکانی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیدا هاتووە و زۆر پێویستیان دەکرد، وەک ساغکردنەوەیەکی وردی مێژوویی بۆ خوێنەر و نەوەی ئەمڕۆ ڕوونکردنەوەی گونجاویان لە بارەیەوە بنووسرێت، هەروەها بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر بەتەواوی خوێنەران و ڕووناکبیرانی خۆشەویست ئاشنا بکرێن، هەرچەندە ئەوەش بۆخۆی ماندوو بوون و کارێکی زۆری ویست، تا بە ئەمانەتەوە هێنرایەدی، چونکە بەڕاستی زۆر دڵنیام لەوەی، نووسینەوە و ساغکردنەوەی هەموو ئەو ناو و ڕووداو و شوێنانەی مامۆستا مەلا جەمیل ناوی بردوون و ئێمەش لە پەراوێزدا، وەک پێویست باسمان لێوە کردوون، بەدڵنیاییەوە بەرچاو ڕوونی و زانیارییەکی باشتر و وردتر و دەوڵەمەندتر بە خوێنەری خۆشەویست و بەڕێز دەبەخشن، جگە لەوەش زۆربەی زۆریانم، لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرچاوەی جۆر بەجۆر، تەنانەت دیدەنی و چاوپێکەوتنی پێویستەوە دەستنیشان کردوون، بەو ئومێد و هیوایەی بتوانین لە ئاییندە و لە چاپەکانی تری ئەم بیرەوەری و یادداشتە کورتەی کە کاتی خۆی مامۆستای بە هەشتی مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی ناوی لێ ناون: (سەربەهوردی ڕۆژبەیانی بە کورتی)، سوودێکی تاڕادەیەک باش بەتەواوی خوێنەران و لێکۆڵیارانی بواری مێژوو بگەیەنێت، جا هەر وردە تێبینی و هەر وردە سەرنجێکی دەوڵەمەندیش لەلایەن ڕووناکبیران و خوێنەرانی خۆشەویستەوە، سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەم بیرەوەرییانە هەبێت، ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە سوودی گەورەی خۆیان دەبێت و ئێمەش وەک ئەرکێکی پێویستی خۆمان بە ئەوپەڕی شانازییەوە، لەبەر چاویان دەگرین و لەکاتی دووبارە چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەیدا، بە هەند وەریان دەگرین و پێداچوونەوەی تریان بۆ دەکەین، ماوەتەوە لە کۆتاییشدا بڵێین: سڵاو لەیادی بوێری، ئازایەتی و دڵسۆزی، بلیمەتی و هەڵوێستی کوردانەی مێژوونووسی گەورەی کورد مەلا جەمیلی کوڕی مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی و دووبارە سپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە لە ئامادەکردن و گەڵاڵەکردنی ئەم کتێبەماندا، هاوکاری برایانەیان کردم، بەتایبەتی مامۆستا شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی برازای کە بە کۆمەڵێک تێبینی بەپێز و بەناردنی چەند وێنەیەکی بڵاونەکراوە و دانسقەی مەلاجەمیلی مامی هاوکاری کردم و دووبارە سپاسی بێ پایانم بۆ هەموو لایەک.